# وانەی ٦ :  پەرستگای خودا پیرۆزە، ئەویش ئێوەن!

**١.  لە نوێژ بۆ خودا دەست پێ بکەن: ستایش، شکۆپێدان، سوپاسی خوا کردن، خواپەرستن، داواکردنی بۆ ئامۆژگاری دەربارەی ئەم وانەکە**

**٢.  گۆرانی نوێ فێری بکەن.**

***هەر تۆ پیرۆزی***

(هەر تـۆ پیـرۆزی، پیـرۆزی، پیـرۆزی ئەی خـودا) (٢)
پیـرۆزی لە خۆشەویستیت پیـرۆزی هەر لە ڕاستیدا
پیــــــرۆزی لە ڕزگـــــــار کــــــــردن،
پیــــــرۆزی (هەر لە چــــــاک کردنــــــا) (٢)

***خۆشم دەوێی***

(خۆشـــم دەوێـــی دڵ هـــاوار ئەکـــا خۆشـــم دەوێـــی
ڕۆح هاوار ئەکا خۆشم دەوێی، من چاوەڕێم کە تۆ بێی) (٢)
مـــــــن چـــــــاوەڕێم کە تـــــــۆ بێـــــــی

(قـــەڵای مـــانم، تەنهـــا لـــە تـــۆ دا لـــە ژیـــانم
تـۆ تەنهـا قەڵغـانی بـۆ مـانم، ئاگـات لـێمە دەزانـم) (٢)
ئاگـــــــات لـــــــێمە دەزانـــــــم

**٣.  لە گۆرانی ڕابوردوو بیربکەنەوە.**

***لە ژێر خاچ دا کڕنۆش ئەبەم***

لە ژێـــــر خاچـــــدا کڕنـــــۆش ئەبەم، ئازارەکانـــــت ســـــەیر ئەکەم
کـــاتێ دڵـــتەنگم دێـــم بـــۆ لات، چـــونکە ئەزانـــم زوو چـــاک ئەبـــم

**بە ئـــازارت چـــاک بـــووم، بە ئـــازارت چـــاک بـــووم (٢)**

گەر هەر تـــاوانێکم کردبـــێ، ویژدانـــی برینـــدار کـــردبم
ژیـــانی منـــی پـــێ لێـــڵ بـــووبێ، ئـــاوا دڵـــم بە تـــۆ خـــۆش دەبـــێ

نـــاوت هەمیشـــە بەرز دەکەم، لە خـــاچ دا ژیـــان بەدی ئەکەم
ئەو ژیـــانەی ئەمبزوێنـــێ، مـــۆمێکی تـــازە هەڵـــدەکەم

*بانگی ناوت دەکەین*

بانگی ناوت دەکەین شکۆت بەرز دەکەین
بانگی ناوت دەکەین شکۆت بەرز دەکەین
باشیت دەردەخەین
باشیت دەردەخەین (عیسا، عیسا)

ڕووی تۆ داوا دەکەین پەیمان بەجێ بێنە
ڕووی تۆ داوا دەکەین پەیمان بەجێ بێنە
بە ڕۆح پڕمان بکە
بە ڕۆح پڕمان بکە (عیسا، عیسا)

**٤. لە بەندی ڕابوردوو بیربکەنەوە.**

**پەترۆس١ ٢: ٢٠** [٢٠] بەڵام ئەگەر هەڵەتان کرد و لێتان درا و بەرگەتان گرت، ئەمە چ شانازییەکە؟ بۆیە ئەگەر چاکە بکەن و لە ئازاردا بەرگەتان گرت، ئەمە جێی ستایشە لەلای خودا.

**٥. ئایە بەرپرسیاری ڕابوردوون دەکرد؟ (بجێی خەشت؟) دۆعای باش بۆ دوژمنی بکە و داوای لێخۆشبوونی بکە.**

**٦. کیتابی پیرۆزی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە.**

**کۆرنسۆس ١ ٣: ١-٢٣** [١] خوشکان، برایان، نەمتوانی وەک بۆ ڕۆحییانی قسەتان بۆ بکەم، بەڵکو وەک بۆ جەستەییەکان، وەک بۆ ساوایان
لە مەسیحدا. [٢] شیرم دەرخوارد دان نەک خواردن، چونکە هێشتا تواناتان نەبوو، ئێستاش تواناتان نییە. [٣] چونکە هێشتا جەستەیین. کە
ئیرەیی و ناکۆکی لەنێوانتاندا هەبێت، ئایا جەستەیی نین و تەنها وەک مرۆڤ ناژین؟ [٤] چونکە کاتێ یەکێک دەڵێت: (من هی پۆڵۆسم)،
ئەوی دیکە: (من هی ئەپۆلۆسم)، ئایا هێشتا مرۆڤانە نین؟
[٥] ئیتر ئەپۆلۆس چییە؟ پۆڵۆس چییە؟ تەنها خزمەتکارن، بەهۆی ئەوانەوە باوەڕتان هێناوە - وەک خوداوەند بە هەر یەکێکی داوە. [٦] من
چاندم و ئەپۆلۆس ئاوی دا، بەڵام خودا بوو گەشەی پێ کرد. [٧] ئیتر نە چێنەر شتێکە و نە ئاودێر، بەڵکو خودا کە گەشەی پێ دەکات.
[٨] چێنەر و ئاودێر یەکن، هەریەکە بەگوێرەی ماندووبوونی خۆی کرێی خۆی وەردەگرێت. [٩] جا ئێمە هاوکاری خوداین، ئێوەش کێڵگەی
خودا و خانووی خودان.
[١٠] بەگوێرەی ئەو نیعمەتەی خودا پێی‌داوم، وەک ئەندازیارێکی دانا بناغەم دانا و یەکێکی دیکە لەسەری بنیاد دەنێت. بەڵام با هەریەکە
ئاگادار بێت چۆن لەسەری بنیاد دەنێت. [١١] کەس ناتوانێت بناغەیەکی دیکە دابنێت لە پاڵ ئەوەی دانراوە، کە عیسای مەسیحە. [١٢] بەڵام
ئەگەر یەکێک لەسەر ئەو بناغەیە زێڕ، زیو، بەردی گرانبەها، دار، پووش یان کا، بنیاد بنێت، [١٣] کاری هەر یەکێک دەردەکەوێت، چونکە
ڕۆژ ئاشکرای دەکات، لەبەر ئەوەی بە ئاگر ئاشکرا دەکرێت و ئاگر تاقی دەکاتەوە کە کاری هەر یەکێک چۆنە. [١٤] ئەگەر کاری یەکێک
بمێنێتەوە کە لەسەری بنیادی ناوە، ئەوا پاداشت وەردەگرێت. [١٥] ئەگەر کاری یەکێک سووتا ئەوا زیانی پێ‌دەگات، خۆی ڕزگاری دەبێت،
بەڵام وەک یەکێک لە ناو ئاگر هەڵات.
[١٦] ئایا نازانن ئێوە پەرستگای خودان و ڕۆحی خوداتان تێدا نیشتەجێیە؟ [١٧] ئەگەر یەکێک پەرستگای خودا وێران بکات، خودا وێرانی دەکات.

چونکە پەرستگای خودا پیرۆزە، ئەویش ئێوەن.
[18] با کەس خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت. ئەگەر یەکێک لەنێوانتان خۆی بە دانای ئەم ڕۆژگارە دەزانێت، با ببێتە گێل تاکو ببێتە دانا. [19] چونکە
دانایی ئەم جیهانە لەلای خودا گێلایەتییە، لەبەر ئەوەی نووسراوە: {ئەوەی داناکان بە فێڵبازی خۆیانەوە دەگرێت.} [20] هەروەها: {خوداوەند
بیرکردنەوەی داناکان دەزانێت کە پووچە.} [21] کەواتە، با کەس شانازی بە مرۆڤ نەکات! چونکە هەموو شتێک هی ئێوەیە، [22] پۆڵۆس یان
ئەپۆلۆس یاخود پەترۆس، جیهان یان ژیان یانیش مردن، شتەکانی ئێستا یاخود داهاتوو - هەموو شتێک هی ئێوەیە، [23] ئێوەش هی
مەسیحن، مەسیحیش هی خودایە.

مەتا ٧: ٢٤-٢٩ [24] بۆیە هەر کەسێک گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی بکات، وەک پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد
بنیادنابێت. [25] باران باری و لافاو هەڵستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا، بەڵام نەڕووخا، چونکە لەسەر بەرد بنیاد نرابوو. [26] هەر
کەسێکیش گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی نەکات، وەک پیاوێکی گێل وایە خانووەکەی لەسەر لم بنیادنابێت. [27] باران باری و لافاو
هەڵستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا و ڕووخا، ڕووخانەکەشی گەورە بوو.)

[28] کاتێ عیسا ئەم وتانەی تەواو کرد، خەڵکەکە لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، [29] چونکە وەک دەسەڵاتدارێک فێری دەکردن، نەک وەکو
مالمەکانیان.

**بەرپرسیاری:** بزانی کە هەموو کات تۆ لەنەو ئامادەبوونی خودا ڕاوەستایت؟ ئاگادار بە!

**٧. فێری بەندی نوێ بکە.** کۆرنسۆس ١ **٣: ١١** کەس ناتوانێت بناغەیەکی دیکە دابنێت لە پاڵ ئەوەی دانراوە، کە عیسای مەسیحە.

کۆرنسۆس ١ **٣: ١١** کەس ناتوانێت بناغەیەکی دیکە دابنێت لە پاڵ ئەوەی دانراوە، کە عیسای مەسیحە.

**٨. بیرکردنەوە لە گۆرانی نوێ:** هەر تۆ پیرۆزی و خۆشم دەوێی

**٩. لە خوێندنەکە لەگەڵ داواکردنەکانی و ماوەیەکی نوێژ تەواو بکەن.**


کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودرووستی

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org



شەش وانەکانی لە کیتابی پیرۆز بۆ باوەردارانی نوێ

٢٠١٦

New Testament Kurdish (Sorani)
Standard Version
Biblica 2011